
KURDISH

## زانیاری گرنگ بۆ دایک و باوک و چاودێران لە تیمی تەندروستی گشتی شاری مانچستەرەوە

# سورێژە



سورێژە یەکێکە لە نەخۆشییە درمیەکان لە جیهاندا.

ئەمەش واتە گرتنی ئاسانە و بڵاوبوونەوەی ئاسانە.



مرۆڤ دەکرێت زۆر نەخۆشبکەوێت یان تەنانەت بەهۆیەوە بمرن.



ئەگەر لە کاتی دووگیانیدا تووشی سورێژە بوویت، زیان بە کۆرپەکەت دەگەیەنێت.



بەڵام کوتانێکی سەلامەت هەیە کە دەتوانێت بتپارێزێت.

**ئەم نامیلکەیە باسی ئەوەت بۆ دەکات.**



## چۆن سورێژە بڵاودەبێتەوە

لە هەوادا بڵاودەبێتەوە کاتێک کەسێک دەکۆکێت یان دەپژمێت.





## نیشانەکانی چین؟

بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی و پەڵەی پێست.

## سورێژە دەتوانێت چ کێشەیەک دروست بکات؟



گەورەسالان، و کۆرپە (خوار 12 مانگ) ئەگەری زیاترە کێشەی تریان لەگەڵدا هەبێت.



لە هەندێک حاڵەتدا سورێژە دەبێتە هۆی هەوکردنی سنگ و نەخۆشی گرژبوونی دەمار و ئاوسانی مێشک و تێکچوونی مێشک.



لەوانەیە منداڵان نزیکەی 5 ڕۆژ بخەون و نزیکەی 10 ڕۆژ نەتوانن لە قوتابخانە ئامادە بن.

## کوتان



قوتابخانە یان پزیشکەکەت داوای کوتانی منداڵەکەت لێدەکات.
تکایە ڕێگەیان پێ بدەن



کوتانەکە پێی دەوترێت MMR.
منداڵەکەت لە سورێژە و کۆکە ڕەشە و ڕوبێلا دەپارێزێت.



هیچ سنوورێک نییە بۆ سەروی تەمەن.

ئەو کەسانەی کە بە تەمەنن کە ئاگاداری کوتانەکانیان نین دەتوانن

لە پزیشکی گشتی خۆیان زانیاری وەربگرن.

ئەگەر دڵنیا نیت کە چ کوتانێکی MMR ت بۆ کراوە،

تکایە لەگەڵ دابینکەری چاوەدێری تەندروستی خۆت باسی بکە.

خزمەتگوزاری تەندروستی NHS دەڵێت هیچ پەیوەندییەک لە نێوان ئەم کوتانە و ئۆتیزمدا نییە. لە هەموو جیهاندا بە سەلامەتی بەکاردەهێنرێت.



**تیمی تەندروستیمان دەیەوێت هاوکاریتان بکات.**
**تکایە قسەیان لەگەڵ بکە و هەر پرسیارێکتان هەیە لێیان بپرسن**
**زانیاری زیاتروەرگرە لە**
**www.nhs.uk/conditions/measles/**